clydebank housing association

## Private Landlords Information Leaflet in Kurdish

Private Landlords

**خاوەندارانی خانووی کەرتی تایبەت (ئەوانەی کە خۆیان خانوویان هەیە و دیدەن بە کرێ)**

Private landlords rent to all types of people. The type of accommodation they can offer depends on the location and type of neighbourhood it is in. Renting from a private landlord offers a lot of choice, but it is usually more expensive than renting from the council or from a Housing Association.

ئەمانە خانوو دەدەنە کرێ بە هەموو جۆرە خەڵکێك. جۆری ئەو خانووانەی کە دەیخەنەبەردەست پەیوەستە بە شوێن و وە ئەو ناوچەیەی کە خانووەکەی تێدایە. بەکرێ گرتنی خانوو لە کەرتی تایبەت هەلی هەڵبژاردنی زۆرترتان بۆ دەرەخسێنێت, بەڵام بێگومان بێ لەوەی کە کرێیەکانیان زۆر گرانترە لە کرێی خانووی شارەوانی-کاونسڵ- و کۆمەڵەی خانووبەرە-کۆمەڵەی نیشتەجێکردن-.

How to find private rented housing

You can check with your local council and get their list of approved registered landlords. The council may be able to give you advice on renting from a private landlord.

You can also find out about private rentals in local newspapers, in shop windows, on notice boards in stores or community centres, and in property management agencies and estate agents. You can advertise in a local newspaper yourself. Ask friends and people you know if they have heard of any private accommodation in the area you want to live in. This is often the best way to find a good place to live.

**چۆن خانوو دەگرن بە کرێ لە کەرتی تایبەت؟**

ئەتوانن لەلای کاونسڵی ناوچەکەتان زانیاری و لیستی خاوەندارانی خانووی کەرتی تایبەت وەربگرن کەتۆمارکراون ورزامەندیان لەسەرکراوە. دەکرێت کاونسڵ ئامۆژگاریتان پێشکەش بکات دەربارەی بە کرێ گرتنی خانوو لەلایەن کەرتی تایبەتەوە.

هەروەها دەتوانن دەربارەی خانووی کەرتی تایبەت بزانن لەڕێگەی رۆژنامەکانەوە, یا پەنجەرەی دوکانەکانی بازاڕ (ئەوانەی تێبینیان پێدا هەڵواسراوە), یا لەڕێگەی تەختەی (بۆردی) تێبینی کۆگا گەورەکان و سەنتەری کۆمەڵایەتی گەڕەکەکان وە نوسینگەی فرۆشتنی موڵك و زەوی وە دەڵاڵی ڕوخسەت پێدراو. هەروەها دەتوانن لە ڕێگەی ڕۆژنامە ناوچەییەکاندا بڵاوی بکەنەوە کە پێویستیتان بە خانوو هەیە. لەڕێگەی برادەر و خەڵکی ناسراووتانەوە دەتوانن هەواڵی خانوویەکی گونجاو بزانن لەو شوێنەی کە دەتانەوێت تێدا نیشتەجێ ببن. زۆر جار ئەمە چاکترین ڕێگەیە بۆ بە چنگ کەوتنی خانوو.

clydebank housing association

## Private Landlords Information Leaflet in Kurdish

Rent deposit
A private landlord will usually ask you for one month's rent in advance, plus rent for the first month, before you can move into the house. He or she will also ask you for a deposit in case you damage the furnishings. The deposit is usually the same as a month's rent. This means you will need to pay about three times your first month's rent in order to move in.

### پێشەکی کرێ

وەك شتێکی باو خاوەندارانی کەرتی تایبەت کرێی مانگێك وەك پێشەکی وەردەگرن, لەگەڵ کرێی یەکەم مانگ, پێش ئەوەی بتوانن خانووەکانیان بەکاربهێنن. هەروەها داوای بڕێکی تری پارەی پێشەکی دەکەن (تەئمینات) بۆ قەرەبوو کردنی فەوتاندن یان زەرەر گەیاندن بە کەلوپەلی خانووەکە, بڕی ئەو پارەیەش نزیکەی کرێی مانگێك دەبێت. بەو پێیە دەبێت نزیکەی سێ ئەوەندەی کرێی مانگێك بدەن پێش ئەوەی بگوێزنەوە ناو ماڵەکە.

Before you rent
Before you sign any agreement with a landlord, get legal advice to be sure that your tenancy agreement is correct. This will ensure that both you and your landlord have your legal rights protected if anything goes wrong.

Once you have signed the agreement, get a rent book from your landlord and make sure you get receipts for any payments you make.

### پێش ئەوەی ببنە کرێچی

ئامۆژگاری یاسایی وەربگرن پێش ئەوەی هیچ رێککەوتن نامەیەك ئیمزا بکەن لەگەڵ هەر لایەنێکی خاوەن خانوودا, بۆ ئەوەی دڵنیابن کە ڕێککەوتن نامەی بەکرێچی بوونتان ڕاستەو بێ هەڵەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خاوەن خانوو وە کرێچی هەردووڵا مافیان پارێزراو دەبێت لەکاتی ڕوودانی هەر هەڵەیەك.

دەسبەجێ پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتن نامەکە, دەفتەری کرێی خانووەکەتان لە خاوەنەکەی وەربگرن وە لەبری کرێی هەر مانگێك کە دەیدەنە خاوەن خانوو پسووڵەیەکی لێوەرگرن